# شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ پەرەپێدانی کەرتی گەشتوگوزار لە قەزای کفری

**هاوسەر ابراهیم کاکەعبداللە، احمد عزیز عبداللە، خالد ولی علی**
بەشی جوگرافیا، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان

**پوختە :**

شاری کفری بەیەکێك لەشارە دێرین و مێژووییەکانی هەرێمی کوردستان دێتە ئەژمارکردن. لەناو مێژووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری هەرێمدا پێگەیەکی گەورەی هەیە. وێرای ئەمەش لەئێستادا ئەو شارە ئەو پێگە گرنگەی جارانی نەماوە. هەڵبەتە فاکتەرگەلی جیاواز هەن بۆ ئەم دەرئەنجامە. لەم ڕوانگەیەوە ئەم توێژینەوەیە بەچەند تەوەرێك هەوڵدەدات تیشك بخاتە سەر لایەنەکانی کەرتی گەشتوگوزار لەو شارە. ئەوەش بەئامانجی خستنەڕوی یەکێك لەگرنگترین لایەنەکانی بەدەستهێنانی داهاتی نەتەوەیی و ناوچەیی ئەویش گەشەپێدانی گەشتو گوزارە. وەك ئاشکرایە ئەم کەرتە رۆڵی مەزنی هەیە لەبەرزکردنەوەی داهاتی گشتی و ڕەخساندنی هەلی کار و بوژاندنەوەی ژێرخانی ئابووری زۆریك وڵات لەجیهاندا هەیە، بۆ نمونە وڵاتێکی وەکو تورکیا کە بەڕادەیەکی زۆر پشت بەو داهاتە دەبەستێت کە لەگەشتوگوزارەوە بەدەستی دەهێنێت. بۆیە ئەگەر ئاوڕی تەواو لەو کەرتە بدرێتەوە لەشاری کفری ئەگەری ئەوەی هەیە ئەو شارە دووبارە پێگە مێژووی و گرنگییە ستراتیژیەکەی جارانی خۆی بەدەستهێنێتەوەو ببێتە شوێنی حەوانەو گەشتوگوزار و بەدەستهێنانی داهات بۆ دانیشتوانی شارەکەو ناوچەکەو هەرێمی کوردستانیش.

**پێشەکی:**

گەشتوگوزار بریتیە لە دیاردەیەکی سەردەمی، کە هەڵقوڵاوی پێداویستییە بۆ پشودان و گۆڕینی ئاوهەوا و هەستکردن بە جوانی سروشت، ئەمەش وادەکات هەستی مرۆڤ گەشەبکات و خۆشی وەربگرێت لە چون و مانەوەی لەو شوێنەی گەشتی بۆ دەکات،بەتایبەت لەم سەردەمەدا کە پێداویستی و ماوەی کارکردنی مرۆڤ و پیسبونی ژینگە زیادیکردوە، گەشت کردن و کات بەسەربردن لەجێگەیەکی ژینگە پاکژ و ئاووهەوای گونجاو بوەتە پێویستەیەکی گرنگی مرۆڤەکان،ئەم جێگایانەش لەئەنجامی پەرەپێدانی بنەما سروشتی و مرۆیەکانی کەرتی گەشت و گوزار بەردەست دەبێت. بۆیە پەرەپێدانی ئەم کەرتە لەهەر ناوچەیەك ڕێگەیەکە بۆ دەسکەوتی ئابوری وژینگەی و ئاشنابون و ناسندنی کەلتوری میللەتە جیاوازەکان بەیەکتری.

**کێشەی توێژینەوەکە:**

سەرەڕای گرنگیپێدانی زۆرێك لەوڵاتان بە کەرتی گەشتوگوزار، بەڵام لەهەرێمی کوردستان و قەزای کفریش وەك بەشێك لەو هەرێمە گرنگیەکی ئەوتۆی پێنەدراوە و سود لەبنەما جوگرافییەکانی(سروشتی و مرۆی) لەقەزاکە وەرنەگیراوەو کەرتی گەشتوگوزار پشتگوێ خراوە، بەجۆرێك ڕۆڵێکی ئەوتۆی نیە لە گەشەپێدانی قەزاکەو زیادکردنی داهات بۆ دانیشتوانەکەی.

**گریمانەی توێژینەوەکە:**

ئایا دەتوانرێت توانا جوگرافیە سروشتی و مرۆیەکانی قەزاکە گەشەی پێبدرێت و ڕۆڵی هەبێت لە گەشەکردنی قەزاکەدا؟

**گرنگی توێژینەوەکە:**

پشتبەستن بە توانا جوگرافیە بەردەستەکانی قەزاکە، پلانێکی گەشت و گوزاری گونجاوی بۆ دابنرێت، بەمەبەستی پێشخستنی،چونکە قەزاکە خاوەنی کۆمەڵێك بنەمای گرنگە کە تاوەکوئێستا گرنگیەکی ئەوتۆی پێنەدراوە.

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

دەرخستنی توانا سروشتی و مرۆیەکانی قەزاکە کە دەتوانرێت سودی لێوەربگیرێت بۆ پەرەپێدانی کەرتی گەشتوگوزار ، بەجۆرێك ببێتە سەرچاوەیەکی سەرەکی لەپەرەپێدانی لایەنی ئابوری دانیشتوانی قەزاکە و گەشەکردنی قەزاکە لەسەرجەم بوارەکاندا.

میتۆدی توێژینەوەکە:

بە مەبەستی جێبەجێکردنی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی زانستی پەیرەوی دوو رێگەی سەرەکیمان کردوە(میتۆدی شیکاری) و (میتۆدی ئصوڵی)

پلانی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە دابەشکراوە بەسەر سێ بەشی سەرەکی( بەشی یەکەم بنەما سروشتیەکانی پەرەپێدانی گەشتوگوزار لەقەزای کفری) (بەشی دووەم بنەما مرۆییەکانی پەرەپێدانی گەشتوگوزار لەقەزای کفری) (بەشی سێیەم شوێنە گەشتیاریەکانی قەزای کفری)

## بەشی یەکەم

## بنەما سروشتیەکانی پەرپێدانی کەرتی گەشتوگوزار لە قەزای کفری

**یەکەم: شوێنی جوگرافی**


شوێنی جوگرافی کاریگەری زۆری هەیە لەسەر کەرتی گەشتوگوزار، بەتایبەت شوێن بە گوێرەی بازنەکانی پانی، چونکە بەرپرسە لە(جۆری ئاووهەوا، سەرچاوە ئاویەکان، رووەکی سروشتی و ئاژەڵی کێوی)، جگە لەوەی کاریگەریی هەیە لەسەر لەچەندێتی جوڵەی گەشتیاری بۆ هەرناوچەیەك. قەزای کفری دەکەوێتە بەشی باشور و رۆژئاوای هەرێمی کوردستانەوە، بەشێکە لەئیدارەی گەرمیان، پێکدێت لەپێنج ناحیە، ئەوانیش ناحیەکانی (ناحیەی ناوەند، سەرقەڵا، ئاوەسپی، نەوجول و کوکسە)، لەرووی شوێنی گەردونیەوە دەکەوێتە نێوان بازنەکانی پانی ("15 '25 °34 )،("25 ' 10 °35)ی باکوری زەوی و نێوان هێڵەکانی درێژی ("00 '30 °44)، ("60 '15 °45)ی رۆژهەڵاتی زەوییەوە. رووبەری قەزاکە بریتیە لە(2878,15کم2)، دەکاتە رێژەی (50,6%)ی رووبەری ئیدارەی گەرمیان، بروانە نەخشەی(1). دەکرێت سود لەپێگەی قەزای کفری وەربگیرێ چونکە هاوسنورە لەگەڵ هەندێك لە ناوچە دابراوەکانی هەرێمی کوردستان وەك(دوزخورماتو،جەبارە،قەرەتەپە، ئاشتوکان، قەرەیاتاغ)، ئەم ناوچانە لەرووی خستنەرووی گەشتوگوزاری(Supply Tourism)کەمخزمەتن و ژمارەی دانیشتوانیان زۆرە، لە بەرامبەردا دەکرێت قەزاکە وەك نزیکترین شوێن لێیانەوە سودی لێوەربیگیرێت بۆ سەرنج راکێشانی سەیرانکەران و گەشتیارانی ئەو ناوچانەو بکرێتە سەرچاوەیەکی دیکەی داهاتو لەرێگەیەوە پەرە بەئابووریی قەزاکە بدرێت.

**دووەم: بەرزونزمی**

قەزای کفری وەك بەشێك لەهەرێمی کوردستان و عێراق، لەرووی دابەشکردنی بەرزونزمیەوە کەوتۆتە ناوچەی نیمچە شاخاوییەوە، کە بەناوچەیەکی گواستراوەکی دادەنرێت لە نێوان ناوچەی شاخاوی و ناوچەی دەشتی نیشتەنی[1]، سروشتی ناوچەی نیمچە شاخاوی بریتیە لەزنجیرە چیای نزم و درێژ و کەم بەرز لەگەڵ بوونی دەشتی فراوان[2]، بەشێوەیەکی گشتی بەرزای قەزاکە وەك لەنەخشەی ژمارە (3) خراوەتەروو، لەنێوان(130-763)م دەبێت لە ئاستی رووی دەریاوە، دەبینین بەرزترین بەشەکانی سنووری قەزای کفری دەکەوێتە باکورو باکوری رۆژهەڵات، کە بەرزیان دەکەوێتە نێوان (500-763)م لەئاستی رووی دەریاوە، ئەم بەشە زیاتر دەکەوێتە سنوری ناحییەی ئاوە سپییەوە کە هاوسنووره لەگەڵ ناحیەکانی سەنگاو و قادرکەرەم، دەتوانین بڵێین کۆتایی بەرزاییەکانی زنجیرە چیاکانی قەرەداغ دەنوێنێت، بەڵام تاوەکو بەئاراستەی باشور و باشوری رۆژئاوای قەزاکە برۆین پلە بەپلە بەرزاییەکانی کەمتردەبێتەوە، تێیدا ناوەڕاستی قەزاکە بەرزییەکی ناوەندی هەیە لەنێوان باکوری رۆژهەلات و باشوری رۆژئاوای ،کە بەشێوەی پشتێنەیەکی درێژبووەوە لە باکوری رۆژئاواوە بۆ باشوری رۆژهەڵات درێژبۆتەوە، بەرزیان لەنێوان(300-500م)ە لەئاستی رووی دەریاوە، بەڵام بەشی هەرەنزمی قەزاکە دەکەوێتە بەشی باشوری رۆژهەڵات کە بەرزییەکەی لەنێوان (130-200 م) دەبێت لە ئاستی رووی دەریاوە. یەکێك لە بنەما سروشتیە گرنگەکانی گەشتوگوزار بوونی ئەو دیمەنە سروشتییانەیە


لەئەنجامی جیاوازی بەرزونزمییەکانی ڕووی زەوییەوە دروستدەبن، ئەم دیمەنانە تێکەڵ بەدیمەنە سروشتیەکانی دیکەی وەك (چەمو ڕووبار،ڕوپۆشی ڕووەکی، کانیاوەکان، ئاژەڵە کێوییەکان) دەبن، دواجار هەموویان پێکەوە دەبنە جێگای سەرنجی مرۆڤ لەوەرز و کاتە جیاوازەکانی ساڵدا گەشتیاران لەناوچە جیاجیاکانەوە بەمەبەستی بەسەربردنی کاتێکی خۆش و چێژوەرگرتن لە جوانی سروشتەکەی ڕوویتێدەکەن. جیاوازی بەرزونزمی و جیمۆرفۆلۆجیی ناوچەی توێژینەوە وەك بەشێك لەناوچەی نیمچە شاخاویەکان بوەتە هۆی دەوڵەمەندی ئەم ناوچەیە بەدیمەنی سروشتی جۆراوجۆر، ئەمەش بە بنەمایەکی گرنگی ڕاکێشانی گەشتیار دادەنرێت، کە بوەتە هۆکاری دروستبونی دیمەنی سروشتی جوان وەك (زنجیرە شاخی بەرز کە شوێن و دیمەنی جوانی دروستکردوە وەك (خۆرنەوەزان،دۆڵ وپێچەکانیان،قاتەکانی کفری)(ئەشکەوت: وەك،حەوت موغارە،هەزار موغارە و چەند ئەشکەوتێکی تری لێرە ولەوێ) ( دەشتی فراوان وەك دەشتی کفری )، جگە لەجوانی سروشتەکەیان بونەتە لانکەی چەندین ئاژەڵی کێوی.

**نەخشەی(1) شوێنی قەزای کفری بەگوێرەی عێراق و هەرێمی کوردستان.**




سەرچاوە/ کاری توێژەران بە پشتبەستن بە: 1- خارگە العراق الإداریە، وزارە التخگیگ هیئە المساحە، بغداد، 2010. 2- وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی(GIS) ، نەخشەی کارگێڕیی پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان، 2010.

نەخشەی(2) بەرزونزمی لەقەزای کفری




سەرچاوە: کاری توێژەران بە پشتبەست بە 1- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، نەخشەی کارگێڕی ئیدارەی گەرمیان، بەشی GIS. 2- هاشم یاسین حدادو ئەوانی تر، ئەتڵەسی هەرێمی کوردستانی عێراقو جیهان، چاپی یەکەم، کۆمپانیای تێنوس بۆ چاپەمەنیو کاری هونەری، هەولێر 2009.

**سێیەم: ئاووهەوا**

ئاووهەوا بەیەکێك لە فاکتەرە گرنگەکانی ڕاکێشانی گەشتیار دادەنرێت، چونکە گەشتیار ئارەزوی ئەو شوێنانە دەکات کە ئاووهەواکەی گونجاوە بۆی و بێزاری ناکات. لەسەر ئەم بنەمایە دەکرێت پێناسەی ئاووهەوای گەشتیاری بکەین بەم جۆرە( ئەو جۆرە ئاووهەوایەیە کە ڕەگەزە جۆربەجۆرەکانی هیچ جۆرە ئەرك و ناڕەحەتی دەرون تەنگیەك لای گەشتیار لەماوەی گەشتە گەشتیاریەکەیدا دروست ناکات، بەڵکو چالاکی و جوڵەی پێدەبەخشێت بۆ پیادەکردنی چالاکیە گەشتوگوزاریە جۆراوجۆرەکان بەشێوەیەکی حەواوە لەژینگەی سروشتیدا و هەست بەحەوانەوەی جەستەی و دەرونی دەکات لەماوەی پیادەکردنی گەشتەکەیدا)[3]. هەرچەندە ئاووهەوایەکی نمونەی بۆ جۆرە جیاوازەکانی چالاکی گەشتیاری نیە،بەڵام دەکرێت ئاووهەوای گونجاو بۆ چالاکی گەشتیاری بەشێوەیەکی گشتی بەم شێوە دیاری بکەین(ئەو جۆرە ئاووهەوا مام ناوەندەیە کە لەوەرزی یان کەشی گەشتیاریدا نە زۆر گەرم و نەزۆر ساردەوژمارەی ڕۆژە هەتاوەکانی زۆرن و هەوا پاکژبێت وبای توند و بێزارکەریش هەڵنەکات)[4]

قەزای کفریش خاوەنی کەش و ئاووهەوای تایبەت بەخۆیەتی، لەخوارەوە تایبەتمەندیەکانی ئاووهەوای قەزاکەو ڕادەی گونجاوی بۆ گەشتوگوزار دەخەینەڕوو.

**ا.تیشکی خۆر:**

تیشکی خۆر بەسەرچاوەی سەرەکی وزە لەبەرگی گازیدا دادەنرێت، بەرپرسە لەتەواوی ئەو کردارانەی لەبەرگی گازیدا ڕوودەدات وەك(ناجێگری کەش،هەور،باران،با،بروسکە)[5]،ماوەی کەوتنی تیشکی خۆر بە هۆکارێکی ئاراستەکردنی جوڵەی گەشتیاری دادەنرێت بەتایبەت لەناوچە ساردەکان و ئەوناوچانەی ماوەی کەوتنی تیشکی خۆری تێدا کەمە[6]. لەبەرئەوەی گەشتو سەیرانی ناوچەکە لەشێوەی کراوەدایە، بۆیە تەنها ماوەی کەوتنی تیشکی خۆر یان درێژی ڕۆژ گرنگ نیە، دەبێت هاوکات بێت لەگەڵ (پلەی گەرمی ،خێرای با،ڕێژەی شێ)ی گونجاو بۆ ئەوەی ئارامیەکی ڕێژەی لە کەشێکی کراوەدا بۆ گەشتیار دەستەبەر بکات. سەبارەت بەماوەی تیشکی خۆری ڕاستەقینە بەڕوانین لەخشتەی (1) دەکرێت بڵێین،تێکڕای کاژێرەکانی کەوتنی تیشکی خۆر لە وەرزێکەوە بۆ وەرزێکی تر و لەمانگێکەوە بۆ مانگێکی تر جیاوازە، بەجۆرێك تێکڕای کاژێرەکانی کەوتنی تیشکی خۆر لەوەرزی زستاندا دەگاتە (5.8) کاژێر، بەڵام بەهۆی نزمی پلەی گەرمی و زۆری ڕۆژەکانی بارانبارین و کەمی کاتی کەوتنی تیشکی خۆر سودێکی ئەوتۆی لێنا بینرێ. لەوەرزی بەهاردا ژمارەی کاژێرەکانی کەوتنی تیشکی خۆر زیاد دەکات و دەگاتە (7.9)کاژێر،ئەمەش کاتێکی باشەو دەکرێت سودی لێوەربگیرێت بۆ گەشت و سەیران چونکە هاوکاتە لەگەڵ گونجاوی ئاووهەواو زۆری ڕوپۆشی ڕووەکی. بەڵام لە وەرزی هاویندا کاژێرەکانی خۆرکەوتن دەگەنە ئەوپەڕی بەرزی و دەگاتە(11.3)کاژێر، سەرەڕای زۆری کاژێرەکانی خۆرکەوتن لەوەرزی هاویندا نابێتە هاندەر بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی گەشت و سەیران لە ناوچەکە بەهۆی نیمچە ستونبونی گۆشەی کەوتنی تیشکی خۆر و بەرزی پلەی گەرمی. ئەوەی تایبەتە بەوەرزی پایز، ژمارەی کاژێرەکانی خۆرکەوتنی تێدا دەگاتە(8.5)کاژێر،ئەمەش کاتێکی گونجاوەو دەکرێت سودی لێوەربگیرێت چونکە هاوکاتە لەگەڵ دابەزینی پلەی گەرمی و گۆشەی کەوتنی تیشکی خۆر لەناوچەکە. تێکڕای گشتی کەوتنی تیشکی خۆری ساڵانەش دەگاتە(8.4)کاژێر.

**ب. پلەی گەرمی.**

مەبەست لەپلەی گەرمی پلەی هەستکردنە بەسەرما یان گەرما، هەستی پێدەکرێت بەڕێگای هەستی بەرکەوتن یان ئامێرەکانی پێوانەکردنی پلەی گەرمی، بۆیە پێی دەوترێت گەرمی هەستپێکراو[7]. پلەی گەرمی بە گرنگترین ڕەگەزی ئاووهەوای گەشتوگوزاری دادەنرێت، چونکە کاریگەری لەسەر حەسانەوەی مرۆڤ و چالاکیەکانی هەیە، ڕەگەزێکی ڕاکێشانی گەشتیاری پڕ بایەخەو جوڵێنەری گەشتیارانیشە لەچوارچێوەی گەشتوگوزاریدا[8]. باشترین پلەی گەرمی هەوا ئەو پلەیەیە کە نزیکە لە پلەی گەرمی ناوەوەی لەشی مرۆڤەوە، پلەی گەرمی(18-25) س° دادەنرێت بەپلەیەکی نمونەی بۆ حەوانەوەی مرۆڤ و چالاکیەکانی[9].

سەبارەت بەپلەی گەرمی لە قەزاکە، وەك لە خشتەی(1)خراوەتەڕوو، دەبینین پلەی گەرمی جیاوازە لە مانگێکەوە بۆ مانگێکی ترو لەوەرزێکەوە بۆ وەرزێکی تر، تێیدا نزمترین پلەی گەرمی دەکەوێتە وەرزی زستانەوە، بەجۆرێك تێکڕای پلەی گەرمی وەرزی زستان دەگاتە(11.2)س°، لەکاتێکدا بەرزترین پلەی گەرمی لە وەرزی هاوینیدا تۆمار دەکرێت و دەگاتە(34.9)س°، سەبارەت بە هەردوو وەرزی بەهارو پایز، ئەوە بەدوو وەرزی ناوەندی دادەنرێن، تێکڕای پلەی گەرمی وەرزی بەهار دەگاتە(20.9)س°، بەڵام تێکڕای پلەی

گەرمی وەرزی پایز دەگاتە (26.1)س°.هەروەها تێکڕای بەرزترین پلە لەمانگەکانی ساڵدا دەکەوێتە مانگی تەموزەوەو بەتێکڕای(37.1)س°، نزمترین پلەی گەرمیش دەکەوێتە مانگی کانونی دووەم بەتێکڕای(9.9)س°.بەم پێیەش مەودای گەرمی ساڵانەی دەبێتە(27.2)س°، تێکڕای پلەی گەرمی ساڵانەی بریتیە لە(23.08)س.°

ج. با:

با بریتیە لە جوڵەی ئاسۆی سروشتی هەوا، خێرابێت یان هێواش، هۆکاری هەڵکردنی بۆ جیاوازی پەستان لە شوێنەکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگەڕێتەوە، لەناوچەی پەستان بەرزەوە بۆ ناوچەی پەستان نزم هەڵدەکات[10]، با دادەنرێت بە ڕەگەزێکی گرنگی ئاووهەوای کە کاریگەری لەسەر گەشتوگوزار هەیە، خێرای با ئەگەر لە (5م/چ) زیاتر نەبێت بە هۆکارێکیِ اکێشانی گەشتیار دادەنرێت، بەڵام ئەگەر گەیشە (17م/چ)یان زیاتر دەبێتە ڕێگر لەبەردەم پرۆسەی گەشتوسەیران[11]، سەبارەت بەخێرای با لەناوچەی لێکۆڵینەوە، وەك لەخشتەی (1) خراوەتەڕوو دەبینین زۆرترین خێرای با دەکەوێتە وەرزی هاوینەوەو دەگاتە (2.8 م/چ)، وەرزی زستانیش کەمترین خێرای بای تێدایەو دەگاتە(1.9 م/چ)، بۆهەردوو وەرزی (بەهارو پایزیش) دەگاتە (2.4، 2.1 م/چ) دوابەدواییەك، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی خێرایەکەی کەمەو بەهیچ شێوەیەك نابێتە ڕێگر لەبەردەم پرۆسەی گەشتو سەیران و چالاکییە گەشتیاریەکان، پەیوەندی نێوان با و حەوانەوە و تەندروستی مرۆڤ بەپێی خەسڵەت و خێرای با دەگۆڕێت، با لەپلەی گەرمی(33 س°)توانای ساردکردنەوە لەدەست دەدات، لەبەر ئەوەی پێستی مرۆڤ لەو کاتەدا گەرمای زیاتر وەردەگرێت، بەڵام ئەگەر لەوە کەمتربوو خێرای با توانای سارد کردنەوەی دەبێت و کاریگەریەکەی زیاد دەکات لەگەڵ نزمبونەوەی پلەی گەرمی و خێرای بادا [12].

**د. شێی ڕێژەی:**

شێی ڕێژەی بریتیە لە ڕێژەی سەدی بڕی هەڵمی ئاو لەهەوادا، لەپلەیەکی گەرمی دیاریکراودا، بۆ بڕی ئەو هەڵمی ئاوەی هەوا دەتوانێت هەڵیبگرێت لەهەمان پلەی گەرمیدا[13]، شێی ڕێژەی بە دووەم ڕەگەزی ئاووهەوای دادەنرێت لەڕووی گرنگی گەشتوگوزاریەوە، ڕۆڵێکی کارا دەگێڕێت لە ئارامی مرۆڤ و چالاکیەکانی، لەڕێگەی(دیاریکردنی کارای گەرما،چونکە ناکرێت هەردوو ڕەگەزی گەرما و شێ لەیەك جیابکرێتەوە، لەبواری کاریگەری لەسەر مرۆڤ، شێی ڕێژەی (40-60%) بەڕێژەیەکی زۆر گونجاو دادەنرێت بۆ لەشی مرۆڤ و کارایەکی گەرمی پەسەند[14]، وەك لەخشتەی (1) خراوەتەڕوو، مانگەکانی وەرزی زستان بەرزترین ڕێژەی شێی تێدا تۆمارکراوەو دەگاتە(68.2%)، لەکاتێدا وەرزی هاوین کەمترین ڕێژەی تێدا تۆمارکراوەو دەگاتە (25.4%)، سەبارەت بەهەردوو وەرزی(بەهار،پایز) ڕێژەیەکی مام ناوەندی هەیە، بەجۆرێك بۆ وەرزی بەهار دەگاتە(50.6%)،بەڵام بۆ وەرزی پایز دەگاتە(40.5%)، تێکڕای شێی ڕێژەیی ساڵانەیش دەگاتە (46.2%).

هـ. دابارین:

دابارین بریتییە لەهاتنە خوارەوەی ئەو ئاوەی کە هەندێك هەور هەڵیگرتوە، لەشێوەی دڵۆپەی ئاو(باران) یان بەفر یان تەرزە پاش ئەوەی هەورەکە توانای هەڵگرتنی نامێنێت[15]، بارانبارین سیمای سەرەکی دابارینە لەناوچەی لێکۆڵینەوە، بەڵام بەفربارین کە ڕەگەزێکی گرنگی گەشتیاریە بارینی دەگمەنە، تەرزەش لەهەندێك لەڕۆژەکانی وەرزی زستان و بەهاردا دەبارێت، بە ڕوانین لە خشتەی(1) دەردەکەوێت کە، زۆرترین ڕێژەی بارانبارین دەکەوێتە وەرزی زستانەوە و بڕەکەی دەگاتە(131.2)ملم، دوای ئەم وەرزەش وەرزی بەهار دێت و بڕەکەی دەگاتە(66.3)ملم، بۆ وەرزی پایزیش بڕەکەی دەگاتە (58.3) ملم،وەرزی هاوینی ناوچەکە وشك و بێ بارانە، تێکڕای ساڵانەی باران بارین لەناوچەی لێکۆڵینەوە دەگاتە(255.9)ملم ، سەرەڕای ئەوەی کاتی بارانبارین دەبێتە هۆی ڕاوەستانی چالاکی گەشتو سەیران، بەڵام دەرئەنجامی بارانبارین بایەخێکی گرنگی هەیە لە زیاد کردنی چالاکی گەشتیاری و سەیرانکردن بۆ ناوچەکە، چونکە دەبێتەهۆی بوژانەوەی سەرچاوە ئاویەکان و زیادکردنی ڕووپۆشی ڕووەکی وەك (گژوگیا،گوڵی جۆراوجۆر)، کەشێکی خۆش لەهەردوو وەرزی زستان و بەهاری ناوچەکە دەرەخسێنێت.

خشته ی(1) رِه گه زەکانی ئاووهه وا له قه زای کفری ، لەنێوان ساڵانی (2000 – 2017)

| | زستان | | | تێکڕای زستان | بەهار | | | تێکڕای بەهار | هاوین | | | تێکڕای هاوین | پایز | | | تێکڕای پایز | تێکڕای ساڵانە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | کانونی یەکەم | کانونی دووەم | شوبات | | ئازار | نیسان | مایس | | حوزەیران | تەموز | ئاب | | ئەیلول | تشرینی یەکەم | تشرینی دووەم | | |
| تیشکی خۆر | 5.9 | 5.2 | 6.4 | 5.8 | 7.15 | 7.6 | 9.2 | 7.95 | 11.65 | 11.4 | 11.05 | 11.35 | 10.6 | 8.1 | 6.95 | 8.5 | 8.4 |
| بەرزترین پلەی گەرمی | 15.75 | 14.9 | 17.8 | 16.1 | 22.5 | 26.85 | 32.05 | 27.1 | 40.1 | 43.7 | 41.95 | 41.8 | 39.45 | 32.75 | 24.45 | 32.75 | 29.2 |
| نزمترین پلەی گەرمی | 6.1 | 5.05 | 6.75 | 5.95 | 10.1 | 15.25 | 19.05 | 14.75 | 23.65 | 30.6 | 29.95 | 28.1 | 24.4 | 18.9 | 13 | 19.55 | 16.85 |
| تێکڕای پلەی گەرمی | 10.9 | 9.97 | 12.2 | 11.02 | 16.3 | 21.05 | 25.5 | 20.9 | 31.8 | 37.15 | 35.9 | 34.8 | 31.92 | 25.8 | 18.7 | 26.15 | 23.02 |
| خ.با م/ج | 1.75 | 2.1 | 2 | 1.9 | 2.25 | 2.45 | 2.75 | 2.45 | 2.95 | 3.05 | 2.6 | 2.85 | 2.3 | 1.9 | 1.85 | 2.1 | 2.3 |
| شێی ڕێژەی | 62.45 | 74.35 | 67.95 | 68.25 | 59.7 | 52 | 40.1 | 50.6 | 26.45 | 24.8 | 25.15 | 25.45 | 31.2 | 37.65 | 52.85 | 40.5 | 46.2 |
| باران بارین | 35.7 | 58.45 | 37.1 | 131.25 | 31.95 | 26.35 | 8.05 | 66.35 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 13.45 | 44.85 | 58.3 | 255.9 |
| بەهەڵمبون | 87.05 | 56.1 | 79.8 | 222.75 | 122.9 | 183.15 | 274.85 | 580.9 | 427.7 | 522.15 | 499.85 | 1449.7 | 400.9 | 289.55 | 164.05 | 854.5 | 3108 |

سەرچاوە: وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو،بەڕیوبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی گەرمیان ،بەشی کەشناسی کشتوکاڵی،زانیاری بڵاونەکراوە،2018.

**ئارامی وحەوانەی مرۆڤ لەقەزای کفری:**

بۆ دەرخستن و هەڵسەنگاندنی ئاووهەوای ناوچەکە و ڕادەی گونجاوی بۆ گەشت و گوزارو هەستکردنی مروڤ هەردوو هاوکێشەی (تۆم، سیبڵ و بازڵ) بەکاردێین.

**(1)پێوەری ئاماژەی ساردبوونەوەی با:**(Ko)

ئەم هاوکێشەیە زیاتر پشتدەبەستێت بەدوو ڕەگەزی ئاووهەوا، کەبریتیە لە با و پلەی گەرمی، لەڕووی ئاسودەییەوە کاریگەری لەسەر هەستی حەوانەوەی مرۆڤ دەخاتەڕوو وەك لایەنی باش و ساردی و گەرمی وەك لایەنی خراپ و بێزارکەر بۆ سەر مرۆڤ ئەم یاسایە لەلایەن (سیبل و پازل) لەساڵی (1945) دانراوە پشت بەشیکاری ئەم هاوکێشەیەی خوارەوە دەبەستێت(16).

$$K = (\sqrt{(100 \times V)} + 10.45 - V) \times (33 - Ta)$$

k=هاوکۆڵکە(هێز)ی با بۆ ساردبوونەوە بە کیلۆ سعرە/م2/کاژێر.

V = خێرای با بە (م/چ)

Ta = پلەی گەرمی بە سەدی °C.

خشتەی(1)پێوەری ئاماژەی ساردبوونەوەی با بۆ ئارامی و حەوانەوەی مرۆڤ

| تایبەتمەندی هەستکردن | هاوکۆلکەیK | هێما |
|---|---|---|
| نا ئارامی گەرمە | 50 – 99 | H |
| نا ئارامی زۆر گەرمە | 0 – 49 | H* |
| نائارامی وگەرمیەکی توند | لێرەدا ئەنجام بە سالبە | H- |
| ئارامی تەواو | 100 – 199 | P |
| ئارامی ناوەند | 200 – 299 | P* |
| تا ڕادەیەك ئارام | 300 – 399 | P- |
| نا ئارامی سارد | 400 – 499 | C |
| نا ئارامی زۆر سارد | 500 – 599 | C* |
| نا ئارامی ساردو توند | زیاتر لە 600 | C - |

سەرچاوە د. عادل سعيد الراوى ود. قصى عبد المجيد السامرائى ، المناخ التطبيقى، مطابع جامعە بغداد.

پاش جێبەجێکردنی هاوکێشەی پێوەری ئاماژەی ساردبوونەوەی با لەسەر ڕەگەزەکانی ئاووهەوا لەناوچەی لێکۆڵینەوە، دەرکەوت کە مانگەکانی ساڵ بۆ ئارامی مرۆڤ جیاوازە بەم شێوەیەی خوارەوە.

شێوازی یەکەم :(perfect:P) بەکەشێکی ئارام دادەنرێت و مرۆڤ هەست بە ساردی و گەرمی ناکات لەژێر بارودۆخی کەش و هەوای ئەو مانگانەدا، لەناوچەی لێکۆڵینەوە مانگەکانی (ئازار.نیسان.تشرینی دووەم،تاڕادەیەك ئارامن) (مایس.تشرینییەکەم، ئارامی تەواوە)دادەنرێن.
شێوازی دووەم :(cold:C) مانگە ساردەکان دەگرێتەوە مرۆڤ هەست بەسەرما دەکات لەژێر بارودۆخی کەش و هەوای ئەو مانگانەدا بەپێی هاوکۆلکەی ساردکردنەوەی با، مانگەکانی(کانونی یەکەم.شوبات،نائارامی ساردن)(کانونی دووەم،نائارامی زۆر ساردە.
شێوازی سێیەم :(hot:H) مانگە گەرمەکان دەگرێتەوە، مرۆڤ هەست بەگەرما دەکات لەژێر بارودوخی کەش و هەوای ئەو مانگانەدا،بەمانگی گەرم و نائاسودە دادەنرێن، هەریەك لەمانگەکانی (حوزەیران.ئەیلول، نائارامی زۆر گەرمن)(تموز.ئاب،نائارام و گەرمی زۆر توند) دادەنرێن لە ناوچەی لێکۆڵینەوە.

**(2) پێوەری ئاماژەی گەرما و شێ:**

زانا تۆم لەساڵی (1959) هەستا بەدانانی هاوکێشەیەك بۆ دەرخستنی پلەی هەستکردنی مرۆڤ بە ئارامی لەژێر کاریگەری بارودۆخێکی ئاووهەوای دیاریکراو بە پشت بەستن بەهەردوو ڕەگەزی پلەی گەرمی و شێ ڕێژەی[17]

$$THI=T-0.55(1-H)(T-14.5)$$

THI= مەزەندەی پلەی گەرمی وشێپرێژەی مەزەندەی ئاسودەی.

T= پلەی گەرمی بە سەدی.°C

H = شێ بە.%

**خشتەی(2) پێوەری ئاماژەی گەرما و شێ بۆ ئارامی و حەوانەوەی مرۆڤ**

| نیشانە | سنووری نیشانە بە °C | تایبەتمەندی |
|---|---|---|
| P | 16 – 15 | ئارامی نمونەی پلە یەك |
| P* | 18 - 16.1 | ئارامی نمونەی پلە دوو |
| P- | 20 - 18.1 | ئارامی نمونەی پلە سێ |
| C | 14.9 – 14 | سارد |
| C* | 13.9 -12 | زۆر سارد |
| C- | کەمترلە 11.9 | ساردیەکی زۆر تیژ |
| H | 23 - 20.1 | گەرم |
| H* | 25-23.1 | زۆر گەرم |
| H- | زیاتر لە 25 | زۆر زۆر گەرم |

سەرچاوە د. عادل سعید الراوی ود. قصی عبد المجید السامرائی ، المناخ التطبیقی، مطابع جامعە بغداد.

دوابەدوای جێبەجێکردنی هاوکێشەی تۆم(پێوەری ئاماژەی گەرما و شێ) سەبارەت بەکاریگەری ڕەگەزەکانی پلەی گەرمی و شێ ڕێژەی لەسەر ئارامی مرۆڤ لەسەر ناوچەی لێکۆڵینەوە، دەرکەوت کە مانگەکانی ناوچەکە لەڕووی ئارامیەوە جیاوازن بەم جۆرەی خوارەوە.

شێوازی یەکەم :(perfect :P) بریتین لەو مانگانەی کە هەست بەئارامی دەکرێت لەژێر بارودۆخی کەش و ئاووهەوایاندا، لەم مانگانەدا کارلێکی پلەی گەرمی و شێ نابنە هۆی نائاسودەی و بێزای مرۆڤ، لەو مانگانەی کە دەکەونە چوارچێوەی ئەم شێوازەوە هەریەك لەمانگەکانی(ئازار، ئارامی نمونەی پلە یەك)(نیسان،ئارامی نمونەی پلە دوو)(تشرینی دووەم ئارامی نمونەی پلە دوو)، دەگرێتەوە، دەکرێت سود لەم مانگانە وەربگیرێت بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی گەشت و سەیران لەناوچەکە.

شێوازی دووەم :(cold :C) ئەو مانگانە دەگرێتەوە کە هەست بەساردی (سەرما) دەکرێت لەژێر بارودۆخی کەش و ئاووهەوایاندا، لە کەش و ئاووهەوای ئەم مانگانەدا کارلێکی پلەی گەرمی و شێ دەبێتە هۆی نائارمی، ئەو مانگانەی قەزاکە بریتین (ك1،ك2 ساردیەکی زۆر تیژ)(شوبات زۆر سارد).

شێوازی سێیەم :(hot :H) لەم مانگانەدا هەست بەگەرما دەکرێت لەژێر بارودۆخی کەش و ئاووهەوایاندا، تێیاندا کارلێکی پلەی گەرمی و شێ دەبێتە هۆی نائارمی گەرمی، لەو مانگانەی ناوچەکە کە نائارامی گەرمن بریتین لە(تموز،ئاب،نائارامی زۆر زۆر گەرمن)(نیسان،ت1،نائارامی گەرمن)(حوزەیران،ئەیلول، نائارامی زۆر گەرمن).

**چوارەم- سەرچاوە ئاویەکان:**

دەرامەتە ئاویەکان پەیوەندیەکی توندوتۆڵیان بە چالاکی گەشت و گوزاریەوە هەیە، چونکە زۆربەی چالاکیە گەشت و گوزاریەکان پەیوەستن بە ئاوەوە، پلەو گرنگی ئاو پەیوەستە بەچەندین فاکتەری وەك (بڕ،جۆری ئاو،شوێنی جوگرافی،توانای بەکارهێنانیان) بەتایبەت ئەگەر هاتو فاکتەرو خزمەتگوزاریە گەشتو گوزاریەکان بۆ خستنەڕووی گەشتوگوزاری دابینکرا، بەشێوەیەك ڕێگا بۆ گەشتیار خۆشبکات لەبەردەم پیادەکردنی چالاکیە گەشتوگوزاریە ئاویەکان، وەك(مەلەکردن، ڕاوکردن،سەوڵ لێدان،چونەژێرئاو)[18] گومانی تێدا نیە کە سەرچاوە ئاویەکان بە جۆرە جیاوازەکانیەوە لە پێداویستیە سەرەکیەکانی گەشتیار

دادەنرێت، بەتایبەت ئەگەر لەشێوەی کانیاو یان نافورە یان تاڤگەدا بێت، سامانی ئاو پەیوەندی توندو بەهێزی لەگەڵ پەیدابون و گەشەکردنی گەشتوگوزاردا هەیە[19]. لەگرنگترین سەرچاوە ئاویەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بریتین لە

1.ئاوی سەرزەوی:

ا. چەمەکان:

چەمەکان دادەنرێن بەلقێکی بچووك کە ئاو کۆدەکەنەوە بۆ رووبارەکان، چەمەکان لەرووی قەبارە و قوڵی و بڕی ئاوەوە بچوکتر و کەمترن بە بەراورد بەڕووبارەکان. ناوچەی لێکۆڵینەوە ژمارەیەك چەمی تێدایە، کە زۆربەیان وەرزین و هەندێکی کەمیشیان بەردەوامە، لەگرنگترین چەمەکانی قەزای کفری بریتین لە( چەمی ئاوەسپی ، چەمی نارین،سەرقەڵا).

1.چەمی ئاوەسپی: ئاوەسپی هەندێك بە چەم و هەندێك بەڕوبار ناوی دەبەن، وەك لەنەخشەی (3)خراوەتەڕوو، دەکەوێتە بەشی باکوری قەزای کفریەوە، لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا درێژدەبێتەوە، سەرچاوەکەی دەکەوێتە شاخەکانی قەرەداغ، ئەم چەمە ئاوپێدارۆیشتنی بەردەوامە بەدرێژای ساڵ، لەوەرزی زستان وبەهاردا ئاوپێدارۆیشتنی زۆرەو لەوەرزی هاوین و پایز کەم دەکات.

2 . چەمی کفری یان چەمی نارین: ئەم چەمە دەکەوێتە باکوری قەزای کفریەوە، لەدوو لقی سەرەکی پێکدێت، ئەوانەش چەمی بەکرەشەل و ئۆمەربلە، لەوەرزی زستان و بەهاردا ئاوپێدارۆیشتنی زۆرەو لەوەرزی هاوین و پایزدا زۆر کەم دەکات. بەشاری کفریدا تێپەڕ دەبێت و دەڕژێتە بەنداوی حەمرینەوە.

3 .چەمی سەرقەڵا: چەمێکی وەرزیە، لەوەرزەکانی زستان و بەهاردا ئاوپێدارۆیشتنی زۆرەو لەوەرزی هاوین و پایزدا زۆر کەم دەکات و هەندێك جار بەتەواوی وشك دەبێت، سەرچاوە دەگرێت لەمدیوی بەرزایەکانی قەرەداغەوە، بەناحیەی سەرقەڵادا تێپەڕدەبێت و دواتر گوندەکانی برایم خان وناصالح و دوانزەئیمام دەبڕێت وتێکەڵ بەچەمی کفری دەبێت.

ب. بەنداوەکان:

1 .بەنداوی باوەشاسوار: دەکەوێتە سەر زنجیرە شاخی باوەشاسوار بەدووری (2)کم لەباکووری شاری کفرییەوە، سەرچاوەی ئاوی ئەم بەنداوە بریتییە لە ئاوی باران و ئاوی چەمەکانی بەکرەشەل و گۆبان و ئومەربل، ئەم بەنداوە توانای خەزنکردنی(6)ملوێن مەتری سێجای هەیە، درێژی ئەم بەنداوە (265)م دەبێت و بەرزیەکەشی دەگاتە(23)م، پانی لوتکەی بەنداوەکەش دەگاتە(8)م ئەم بەنداوە لەجۆری تورابیە(ناواخن خۆڵ)، ئامانج لێی خەزنکردنی ئاوە بۆ بەکارهێنانی لە کاروباری کشتوکاڵی بە جۆرێك توانای ئاودانی (7000) دۆنم زەوی کشتوکاڵی هەیە، لەپاڵ ئەمەشدا بۆ گەشتوگوزاری وبەخێوکردنی سامانی ماسی بەکاردێت[20].

2 .بەنداوی ئاوەسپی: دەکەوێتە ناحیەی ئاوەسپیەوە بەدوری 4کم لەسەنتەریەوە، لەسەر چەمی ئاوەسپی دروستکراوە، توانای لەخۆگرتنی(20)ملوێن مەتر سێجای هەیە،بەرزیەکەی دەگاتە 26مەتر،لەجۆری بەنداوی ناواخن خۆڵە،مەبەستی لەدروستکردنی بۆ گلدانەوەی ئاویی باران و سامانی ماسی و مەبەستی کشتوکاڵی و گەشتوگوزاری(21).

2 .ئاوی ژێرزەوی:

ئاوی ژێرزەوی بەشێوەیەکی گشتی هەموو ئەو ئاوانە دەگرێتەوە کە لەخاك و چینەبەردەکانی ژێرزەویدا هەن، بەشێوەیەکی تایبەتیشت ئەو ئاوانە دەگرێتەوە بەشێوەیەکی زۆر لەکۆمەڵەبەردەکاندا هەموو کونیلەکانی پڕە لەئاو، هەندێك جار دەردەکەوێت بەشێوەی سروشتی یان لەڕێگەی هەڵکەندنی بیر و دروستکردنی کارێز[21]، قەزای کفری خاوەنی حەوزێکی ئاوی ژێرزەوی سەرەکیە بە ڕووبەری(241.83)کم2،هەروەهاخاوەنی(10)کارێزو(3)کانیە،زیاتر لە(120)بیری مۆڵەتداری هەیە[22].

**پێنجەم: ڕووەکی سروشتی و ئاژەڵی کێوی:**


ڕووەکە سروشتیەکان سەرجەم جۆرەکانی ڕووەکی وەك: (دارستان،دارودرەخت،گژوگیا)دەگرێتەوە، بریتیە لەو ڕووەکانەی لەخۆوەو بێ دەسکاری مرۆڤ دەڕوێت، مرۆڤ هیچ ڕۆڵی لەپەیدابون و دابەشبونی جوگرافیدا نیە، بەڵکو کۆمەڵێك فاکتەری سروشتی وەك(ئاووهەوا،بەرزونزمی،خاك، دەرامەتی ئاو)بەرپرسن لە پەیدابونیان و دابەشبونی جوگرافیان[23]، ڕووەکی سروشتی گرنگیەکی زۆری گەشتوگوزاری هەیە سەرەڕای بەخشینی دیمەنی جوان، سنورێك بۆ پلەی گەرمی بەرز و نزم دادەنێت،

لەبەرئەوەی ڕووەکی سروشتی کاردەکات لەسەر هێورکردنەوە و مامناوەندێتی پلەی گەرمی، چونکە بەشێکی زۆری گەرمی هەوا بەکرداری ئاودەردانی ڕووەك دەڕوات،ئەمەش دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ڕێژەی ئەو وزەیەی کەکاردەکات لەسەر گەرمکردنی هەوا(24).

سەبارەت بەڕووەکی سروشتیی ناوچەی توێژینەوە، بەهۆی نیمچە وشکی ئاووهەواکەیەوە، ناوچەکە تاڕادەیەك هەژارە بەبوونی دارستانەکان، بە بەراورد بە بەشەکانی باکورو باکوری خۆرهەڵاتی هەرێمی کوردستان. ئەوەی کە هەیە تەنیا لە کەناری ڕووبارو چەمەکانی ناوچەکە لەشێوەی دارستانی لێوار چەمو ڕووبارەکان دەبینرێت، کە ڕووبەرو تەمەنی ئەم ڕووەکانەش پەیوەستە بەبڕو ماوەی بوونی ئاو لە چەمە وەرزییەکاندا، بەوپێیەی ناوچەی توێژینەوە خاوەنی ڕووباری(ئاوەسپی)و چەمەکانی وەك: (ئاوەسپی،ئۆمەربل، فتاح هۆمەر،سەرقەڵا، برایم خان، سەرچەم)ە، هەر بۆیە لەم جۆرە ڕووەکانە لە وەرزێك یاخود زیاتردا لەدەوری ئەم چەمانە گەشە دەکەن‌و دەبنە جێی سەنجی گەشتیاران، بەتایبەتی لەوەرزی بەهاردا .

ئەوەی تایبەتە بە گژوگیا، ناوچەکە لەوەرزی زستان و بەهار دەوڵەمەندە بە گژوگیاو گوڵی جۆراوجۆر، لەگەڵ هەندێك ڕووەکی تر کە بۆخواردن و جێگەی سرنجی هاوڵاتیان و سەیرانکەرانە وەك: (پیشۆك، دۆمەڵان، قارچك، تورشکە، کەنگر،چاوبازە)،خەڵکانێکی زۆر وەك گەشت و سەیرانێك لەوەرزەکانی زستان و بەهاردا ڕوودەکەنە ناوچەکە بۆ دۆزینەوەو دەسکەوتنیان. ڕووەکی سروشتی لەناوچەی لێکۆڵینەوە پێویستە گرنگی زیاتری پێبدرێت و بپارێزرێت لە بڕینەوەو لەناوچون، چونکە یەکێکن لە ڕەگەزە گرنگەکانی ڕاکێشانی گەشتیارو دیمەنی جوان‌و دڵرفێن بۆ ناوچەکە دروستدەکەن، ناوەندێکیشە بۆ باڵندەو ئاژەڵە کێویەکان کە ناوچەکە دەوڵەمەندە پێی، وەك (سوێسك، کەو، کوڕکوڕ، پۆڕ،ڕشۆڵە، قازی کێوی ، کەروێشکی کێوی، ئاسك)، کە جێگەی بایەخی ئەو سەیرانکەرو گەشتیارانەن ئارەزوی ڕاوکردینان هەیە.

**نەخشەی(3) دەرامەتی ئاولەقەزای کفری**




سەرچاوە/ کاری توێژەر بە پشتبەستن بە: 1. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری سلێمانی، بەشی GIS، وێنەی ئاسمانیی ئیدارەی گەرمیان وەرگیراوە لە مانگی نیسانی ساڵی 2009.

## بەشی دووەم

## بنەما مرۆیەکانی پەرپێدانی کەرتی گەشت وگوزار لەقەزای کفری

هۆکارە مرۆیەکانی بەهەمان گرنگی هۆکارە سروشتێکان بە فاکتەرێکی گرنگی پەرەپێدانی کەرتی گەشتیاری هەژمار دەکرێت لە ناوچەی لێکۆڵینەوە، چوون ئەگەر هۆکارە سروشتێکان رەنگدانەوەی شوێن بێت ئەوا گرنگیەکی ئەو تۆی نابیت ئەگەر مرۆڤ چالاکێکانی لەو نێوەندەدا ئەنجام نەدات .

**یەکەم- دانیشتوان:**

دانیشتوان بە ئامرازێکی گرنگی هەموو شێوازەکانی گەشە دادەنرێت لە بوار و کەرتە جیاوازەکاندا لەوانەش کەرتی گەشتوگوزار بەشێوازێك تاوەکو ژمارەی دانیشتوان ڕوو لە زیابوون بێت ئەوەندە داواکاری گەشتوگوزاری ڕوو لە زیابوونە واتە پەیوەندی نێوان گەشتوگوزارو دانیشتوان پەیوەندیەکی ڕاستەوانەیە[25]. وە زۆرێك لە واتا دیموگرافێکان پەیوەستە بە دانیشتوانەوە وەك گەشەی دانیشتوان و چڕی دانیشتوان وپێکهاتەی تەمەن کە کۆی ئەم بابەتانە کار دەکەنە سەر داواکاری گەشتوگوزرای چی ناوخۆی بێت یان دەرەکی.

1 .گەشەی دانیشتوان:

زۆر جار گەشەی دانیشتوان ئەبێتە هۆی بار گرانی بۆ دەوڵەت گەر بێت و پلانی تۆکمەی بۆ دانەڕێژرێت، بەڵام گەر هاتوو بە شێوازێکی سیستماتیك مامەڵەی لەگەڵدا بکریت ئەوا ئەبێت بە فاکتەری بەهێز بۆ گەشە بەردەوام لە هەموو بوارە جیاوازەکاندا، بەتایبەت لەکەرتی گەشتوگوزاردا ئەبێتە هۆی بەگڕخستنی هێزی کار چونکە گەشتوگوزار بەوە ناسراوە کە پێویستی زۆری بە هێزی کارە[26].

ئەگەر بڕوانینە خشتەی ژمارە (2) ئەبینین کە قەزای کفری لە نیوان ساڵانی (2008 بۆ 2018) گەشەیەکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینیوە لە ڕووی دانیشتوانەوە واتا لە ماوەی (10) ساڵدا ( 7701) کەس زیادی کردوە بە بڕی زیاد بوونی ساڵانە (550) کەس وە بە تیکڕای گەشەی ساڵانەی (1,19) دیارە ئەم زیادبوونەش هۆکارێکە بۆ پەرەپێدانی کەرتی گەشتیاری لە قەزای کفری وهەروە ها بۆ بەگڕخستنی دەستی کار لە قەزاکەدا و نەهێشتنی بێکاری.

خشتەی (2) ژمارەی دانیشتوانی قەزای کفری لە نیوان ساڵانی (2008 – 2018) و بڕی زیادبوونی ساڵانە لەگەڵ تێکرای گەشەی ساڵانە.

| یەکەي کارگێڕێ | ژمارەی دانیشتوان بۆ ساڵی ( 2008 ) | ژمارەی دانیشتوان بۆ ساڵی ( 2018 ) | بڕی زیاد بوونی نێوان هەردوو سەر ژمێرێکە | بڕی زیاد بوونی ساڵانە | تێکرای گەشەی ساڵانە |
|---|---|---|---|---|---|
| قەزای کفری | 47361 | 52862 | 7701 | 550 | 1,19 |

سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەستن بە بەڕێوەبەرایەتی ئاماری گەرمیان داتای بڵاونەکراوە.

2 -چڕی دانیشتوان :

سەبارەت بە چڕی دانیشتوان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە بەپێی داتاکانی خشتەی ژمارە (3) کە تیایدا ژمارەی دانیشتوان و رووبەر و چڕی سەرجەم یەکە ئیدارێکانی ناوچەی لێکوڵینەوە خراوەتە ڕوو بەو پێیە سەنتەری قەزای کفری بە پلەی یەکەم دێت لە ڕووی ژمارەی دانیشتوان بە (33221) کەس لەسەر رووبەری (64,11 کم2) بەشێوەیەك چڕی دانیشتوان تێدا دەگاتە (518) کەس لە کم2 کە ئەمەش چڕیەکی زۆر بە بەراورد بە یەکە ئیدارێکانی دیکەی ناوچەی لێکۆڵینەوە هەرچەندە ئەمەش تارادەیەك ئاسایە چونکە شاری کفری مێژویەکی دێرینی هەیە لەسەر رووبەرێکی بچوك بنیاد نراوە تاوەکو ئێستاش بەرفراوانیەکی گەورەی بەرچاوی بە خۆوە نەبینیوە،بەڵام ناحیەی ئاوەسپی بە پلەی کۆتا دێت بە ژمارەی دانیشتوانی (1341) کەس لە سەر رووبەری (626,86 کم2) وە چڕی دانیشتوان تیایدا دەگاتە (2) کەس لە کم2 وەکۆی چڕی گشتی ناوچەی لێکۆڵینەوە دەگاتە (18,8) کەس

له کم2 که ئەمەش به فاکتەرێك بەهێز دادەنرێت بۆ پەرەپێدانی کەرتی گەشتیاری و وەبەرهێنان و بنیادنانی پرۆژەی گەشتیاری جیاواز له بەشه جیاوازەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە.

خشتەی (3) ژمارەی دانیشتوان و رووبەرو چڕی دانیشتوانی قەزای کفری بەپێیەکه ئیدارێکان.

| یەکە ئیدارێکان | ژمارەی دانیشتوان | ڕێژەی دانیشتوان له کۆی ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە % | رووبەر/کم2 | چڕی/کم2 |
|---|---|---|---|---|
| سەنتەری قەزای کفری | 33221 | 62,8 | 64,11 | 518 |
| سەرقەڵا | 8154 | 15,4 | 630,67 | 13 |
| کوکس | 7761 | 14,8 | 481,95 | 16 |
| نەوجول | 2385 | 4,5 | 1007,54 | 2,3 |
| ئاوە سپی | 1341 | 2,5 | 626,86 | 2 |
| کۆ | 52862 | %100 | 2811,13 | 18,8 |

سەرچاوە: کاری توێژەران پشتبەستن به بەڕێوەبەرایەتی ئاماری گەرمیان داتای بڵاو نەکراوەو داتای مانگە دەستکردەکان (DEM) بۆ ناوچەی لێکۆڵینەوە وەشیکردنەوەی له ڕێگەی بەرنامەی Arc GIS 10.2.

3- پێکهاتەی تەمەن:

پێکهاتەی تەمەن و ڕەگەزی دانیشتوان، بەگرنگترین فاکتەرە کاریگەرە پۆزەتیڤەکانی داواکاری گەشتیاری دادەنرێت، بەتایبەتی گروپەکانی تەمەن ناوەند(15-65) ساڵ. گەر هاتوو هۆکارە یاریدەرەکانی تر، وەك بەرزی ئاستی ئابووری و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و بوونی کاتەکانی بەتاڵی و..هتد هەبێت، ئەوا زۆرترین داواکاری وبازاڕی گەشتیاری و خۆشگوزەرانی دروست دەکەن[27]. ئەگەر بڕوانینە خشتەی (4) ئەبینین توێژی (0 – 14)ساڵ ڕێژەی (38.4) پێکدەهێنن که ئەم توێژە به منداڵ هەژمار دەکرێن وتوانای کارکردنیان نیە بەڵام توێژی (15 – 44) ڕێژەی (32,7) و توێژی (45 – 64) ڕێژەی (23,8) پێکدەهێنن که ئەمەش به خاڵێکی بەهێز دادەنرێت چونکه ئەوە ئەسەڵمێنێ که ئەو دوو توێژە که به هەردوکیانەوە (56,5) واتا له نیوە بۆ سەرەوەی کۆمەڵگەی ناوچەی لێکولێنەوە پێکدەهێنن که به توێژێکی گەنج هەژمار دەکرێن واتا کۆمەڵگەیەکی گەنجە کەلە کردارو توانادا بەهێزن و به ئاسانی ئەتوانرێت سوود لەو توانایە وەربگیرێت بۆ پەرە پێدانی کەرتی گەشتیاری له ناوچەکەدا.

خشتەی (4)پێکهاتەی دانیشتوان بەپێی گروپی تەمەن لە قەزای کفری بۆ ساڵی ( 2018)

| توێژی تەمەن | کفری | ڕێژە% |
|---|---|---|
| 0 – 14 | 20345 | 38,4 |
| 15 – 44 | 17287 | 32,7 |
| 45 – 64 | 12562,6 | 23,8 |
| + 65 | 2668 | 5,1 |
| کۆ | 52862,6 | %100 |

سەرچاوە: کاری توێژەران پشتبەستن بە بەڕێوەبەرایەتی ئاماری گەرمیان داتای بڵاونەکراوە.

**دووەم- ڕێگاوبان لە قەزای کفری:**

ڕێگاوبان بە یەکێك لە هۆکارە گرنگەکان دادەنرێت بۆ گەشەسەندن و پەرەپێدانی کەرتی گەشتوگوزار لە هەرشوێنێکی دنیادا، چون هەرچەندە ناوچە گەشتیارێکان سەرنجراکێشبن ئەگەر ڕێگاوبانی گونجاوی نەبێت ئەوە گەشتیاران ناتوانن بەئاسانی پێی بگەن[28]. ئەگەر بروانینە خشتەی ژمارە (5) ونەخشەی ژمارە(4) ئەبینین ناوچەی لێکۆڵنەوە لە ڕووی خزمەتگوزاری ریگاوبانەوە لاوازە چونکە تەنها ڕێگا سەرکێکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە قیرتاون وەزۆرێك لە ئەوە ڕێگایانە کە بۆ ناوچە گەشتیاریە سروشتێکان ئەڕوات ڕێگای خاکیە بۆیە ئەگەر بمانەوێ کەرتی گەشتیاری گەشە بەخویەوە ببێنێت پێویستە کار لەسەر چاکردنی ئەو ڕێگا خاکیانە بدرێت و قیرتاو بکرێت هەرچەنە بەشێك لە ڕێگاکانی ناوچەی لێکۆڵینەو دەکەوێتە ناوچە کێشە لەسەرە کان نێوان حکومەتی هەرێمی وحکومەتی ناوەند بۆیە لە ڕووی ئەمنیەوە زۆر لەبار نیە بۆیە ڕۆیشتن بۆ ناحیەی کۆکس ئەبێت لە ڕێگەی کەلار وە بڕۆیت چونکە ڕێگاکە مەترسی ئەمنی لەسەرە
.

خشتەی( 5) ڕێگا سەرەکێکان لە قەزای کفری.

| ژ | ڕێگا | درێژی بە کم | پێکهاتەی ڕێگا | جۆری ڕێگا |
|---|---|---|---|---|
| 1 | کفری – سەرقەڵا | 13 | قیر | سەرەکی |
| 2 | کفری – نەوجول | 36 | قیر | سەرەکی |
| 3 | کفری – ئاوەسپی | 43,5 | قیر | سەرەکی |
| 4 | کفری – کەلار – کوکس | 48,5 | قیر | سەرەکی |


سەرچاوە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕیوبەرایەتیرێگەوبانی گەرمیان، داتایی بڵاونەکراوە.

**سێیەم/ هەمەچەشنی شوێنەوارە دێرین و مێژوویەکان:**

شاری کفری یەکێکە لەشارە دێرین و مێژویەکانی دەڤەری گەرمیان کە مێژووە کەی دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەکانی پێش زاین، لە هەزارەی چوارەم و سێیەمی پێش زاین لەسەردەمی (ئور) دا کفری لە ناو ئیمپراتۆریەتی (ئور) حکومێکی ئۆتۆنۆمی هەبووە بەڵام (شولکی) پادشایان ئەو قەوارەیەی تێکداوە[29].

چەندین شوێنەوار کەوتۆتە سنووری قەزای کفرییەوە کە گواهیدەرن لەسەر ئەوەی بەدرێژایی مێژوو ئەم ناوچەیە ئاوەدانی تێدا بووە ئەگەر گوزەرێك بە شاری کفریدا بکەیت ئەبینی ئەم شارە مۆرکێکی مێژووی پێوە دیارە کە ئەمەش مایەیی سەرنجی زۆرێك لەو گەشتیارانەیە کە سەردانی ئەم شارە دەکەن بوونی ئەو هەموو شێنەوارانە ئاماژەیە بۆ مێژووی دێرینی ئەم شارە جگە لەوەش قەزای کفری بەیەکە ئیدارێکانیەوە چەندین شوێنی مێژووی جۆراوجۆری تیایە کە جێگای سەرنج ولێکۆڵینەوەیە بەڵام تاوەکو ئێستا بە ووردی لێکۆڵینەوە لەم باریەوە نەکراوە، بۆیە لە بەشی سێیەمی ئەم توێژینەوە بەووردی شوێنەوارە دێرین و مێژوویەکانی قەزای کفری ئەخەینە روو.

نەخشەی (4) رێگا سەرکی و لاوەکێکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە.




سەرچاوە/ کاری توێژەران بە بەکارهێنانی پرۆگرامی(GIS 10.2.2) بەپشتبەستن بە: 1) وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن، بەڕێوەبەرایەتی گشتیی رێگاوبان‌و ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردنی سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی رێگاوبانی گەرمیان بەشی تەکنیکی.
2- فایلی مۆدێلی بەرزونزمی (DEM-15) ی ناوچەی لێکۆڵینەوە.

## بەشی سێیەم
## شوێنە گەشتیاریەکانی قەزای کفری

قەزای کفری ژمارەیەك شوێنی گەشتیاری تێدایە کە جێگەی سەرەنجی گەشتیاران و سەیرانەکەرانن، کە بنەما سروشتی و مرۆییە جوگرافیەکان هۆکاربون بۆ دروست بون و سەرهەڵدانیان، بەڵام ئەم ناوچانە تەواو ئامادەنین و پەرەیان پێ نەدراوەو ئاسانکاریە گەشتوگوزاریەکانی بۆ نەکراوە بەجۆرێك گەشتیار بیەوێت کاتێکی زیاتر بمێنێتەوە، بەڵام بەهۆی جوانی سروشتەکەیەوە ساڵانە خەڵکی رووی تێدەکەن ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت، لەگرنگترین ئەو شوێنانەش:

شوێنە گەشتیاریە سروشتیەکان:

لە گرنگترین شوێنە گەشتیاریە سروشتیەکانی ناوچەکە بریتین لە:

**1 .سەیرانگای برایم خان:**

دەکەوێتە نێوان شاری کفری و ناحیەی سەرقەڵاوە، بەدوری 11کم لەسەنتەری شاری کفریەوە دوورە، لە رووی ئەسترۆنۆمیەوە دەکەوێتە سەر بازنەی پانی ("43.'38.34°) باکور، هێڵی درێژی (34° 43' 29.2")رۆژهەڵات،292م بەرزە لەئاستی رووی دەریاوە، خاوەن کەشێکی خۆش و رووپۆشی رووەکیە بەتایبەت لە وەرزی زستان و بەهاردا، چەمی برایم خانی پێدا تێپەڕ دەبێت، خاوەنی جیمۆرفۆلجیەکی جوانە، وێنەی(1).

**2 .سەیرانگاکانی ئۆمەربل و فتاح هۆمر:**

جێگەیەکی جوان و سەرنج ڕاکێشن، خاوەنی چەم و جۆگەلەی ئاوین، دارستانێکی نیوە چڕیان تێدایە، کە بوەتە هۆی ئەوەی کە کەشێکی خۆش لەوەرزی بەهار و هاوینی ناوچەکە دەسەبەربکات و دیمەنێکی سرنجڕاکێش بنوێنن، بەدوری 25کم لەسەنتەری شاری کفریەوە دوورن، لەڕووی ئەسترۆنۆمیەوە دەکەوێتە(33 64 44°)رۆژهەڵات و (08 49 34°) باکور. بەرزیان لەئاستی ڕووی دەریاوە دەگاتە(332)م. وێنەی(2).

**3 . بەنداوی باوەشاسوارو ئاوەسپی:**

بە شوێنێکی گرنگی سەرنجڕاکێشانی گەشتیاران دادەنرێن، خەڵکی لەهەر چوار وەرزی ساڵدا سەردانی دەکەن بەمەبەستی بەسەربردنی کاتێکی خۆش و ڕاوەماسی، بەنداوی باوەشاسوار بەدوری 2کم لەباکوری شاری کفریەوە دورە، بەنداوی ئاوەسپییش 47کم دورە لەسەنتەری قەزاکەوە.وێنەی(3)(4).

**4 . خۆرنەوەزان:**

خۆرنەوەزان دەکەوێتە باکوری شاری کفری بە دووری 43کم کە بوونی کانیاو درەخت دیمەنێکی سروشتی جوانی بە ناوچەکە بەخشیوە ،دەکەوێتە نێو سنوری هەردوو ئاوایی گەرملك و قەواڵی سەر بە شارەدێی زینانە، کە زیاتر گەشتیاران لە وەزی هاویندا سەردانی دەکەن[30].

**شوێنە گەشتیاریە مرۆیەکان:**

**1 . ئاشی قازی (ئاسیاوی قازی):**

یەکێکە لەو چەند ئاشانەی کە لە لێواری ڕووباری باوەشاسواردا دروستکراون لە دەشتی کفری، کە بەکارهێنراون بۆ هاڕینی گەنم بۆ ئارد بە ئاو کاریکردووە، دەکەوێتە دووری (3کم) لە سەنتەری شار لەلای باشوری بەنداوی باوەشاسوارەوە، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (1863 ز)، ئەم ئاشە لە دوو ژوور و تاوەرێکی بەرزی لوولەی پێکدێت و بەرزییەکەی (6م)، لە یەکێك لە ژوورەکاندا لقێکی ئاوی ڕووبارەکەی پێدا تێپەڕیووە، بەڵام ژوورەکەی تر تایبەت کرابوو بۆ بەردی ئاشەکە، بە یەکێك لە شوێنەوارە دێرینەکان هەژماردەکرێت کە تا ئێستا ماون کە دەربڕینە لە داهێنان لە بیناسازی و ئەندازیارییەکی جوان و قەشەنگ و هێزو توانای مرۆڤی کورد لەپێکەوە ژیان و کارلەدابینکردنی بژێوی خۆی لەو سەردەمەدا[31]. وێنەی (5).

**2 . گۆڕستانی گردۆڵکه له سەرقەڵا:**

ئەم گۆڕستانه دەكەوێته سەنتەری ناحیەی (سەرقەڵا-كفری)وه له دووری(13كم) له باكوری ڕۆژئاوای شاری كەلار، ئەم ناوچه شوێنەوارییه بریتییه له ژوورێكی لاكێشەی له خشتی سوور دروستكراوه لەسەر تەپۆڵكەیەكی سروشتی و به خۆڵ و بەردی تەپۆلكەكه داپۆشراوه، گۆڕی خێزانێك و ڕووفاتی 10 كەسی تیادا دۆزرایەوه جگه له كۆمەڵێك پاشماوەی دەوری شوشەو قوڕین، كەرەستەی كانزایی و خشڵ و ژمارەیەك له پارەی ئەشكانی .....هتد. لەبەر ڕۆشنایی ئەم شوێنەواره دۆزراوانه و دراسەكردنی شێوه مێژوویەكان ئەم شوێنه دیاریكرا كه دەگەڕێتەوه بۆ (57 پ.ز-191 ز)[32].

**3 . ئەشكەوته هەڵكۆڵراوەكانی باوەشاسوار:**

بریتییه له كۆمەڵێك ئەشكەوت دەكەوێته ڕوژهەڵاتی شاری كفرییەوه له كۆمەڵێك تەپۆڵكەی بەردی له ناوچەی باوەشاسوار، هەریەك له ئەشكەوتەكان ژمارەیەك گۆڕیان تێدایه كەبەشێوەیەكی نارێك هەڵكەندراون، هەندێك له ئەشكەوتەكان له شێوەی لاكێشەن و له هەندێكیاندا دەرگاو پەنجەرەی نیوه بازنەی هەڵكۆڕاون. به پێی تەكتیكەكان پسپۆڕان گەشتنه ئەوەی كه مێژوویان دەگەڕێتەوه بۆ سەردەمی ساسانیەكان (224-640 پ.ز) وگۆڕەكان نمونەی زەردەشتیەكان. [33]وێنەی (5)

**4 . كۆشكی مەجید پاشا:**

ئەم كۆشكه دەكەوێته ڕۆژئاوای كفرییەوه نزیك قەیسەری كۆن (مجید پاشای قادر بەگ) بنیاتی ناوه، مێژووەكەی دەگەڕێتەوه بۆ كۆتاییەكانی سەدەی نۆزدەیەم، ئەم كۆشكه له دوو نهۆم و چەند ژوورێك پێكدێت و له ژوورێكی تایبەتیدا ئەزموونی هونەری تیایدا بەرجەسته كراوه وەكو(نەخش و زەخرەفەی نباتی و ئەندازیاری )[34].وێنەی (7)

**5. مەزارگەی باوەشاسوار:**

بریتیه له كۆمەڵێك مەزارگه كه مێژووەكەی دەگەڕێتەوه بۆ پێش (150) ساڵ لەمەوبەر، ئەم مەزارگەیانه دەكەونه لای باشووری باوەشاسوارەوه و له شێوەی جۆراوجۆرو یەك ژوور یان سێ ژوور زیاترپێكدێن، كه ڕەنگه زیاتر بۆ گۆڕی خێزانی دیاریكرابێتن، هەروەها گرنگیەكی تایبەتی هەیه لەڕووی هونەرییەوه چونكه جۆرێكی هونەری دەگمەن لەخۆ دەگرن، ئەم مەزارگانه له ژوورەوه به كۆمەڵێك فاكتەری بیناسازی ڕازێنراونەتەوه وەكو(مقرنصات و العقودرو تاقات صامته)، زۆربەی گۆڕەكان نیشانەی تایبەتی هەیەو ئەم نیشانانەش به چەند جۆرێك بەردی جیاواز دروستكراون[35]. وێنەی (10)

**6. سەرای كفری:**

سەرای كفری دەكەوێته ڕۆژئاوای شاری كفری، كه بەریتانیەكان دروستیان كردووه له ساڵی 1919 ز. له دوو نهۆم و گۆڕه پانێكی گەورەی له پێشدایه، دیواری بیناكه له بەرد دروستكراوه[36].وێنەی (6)

**7. قەیسەری كفری:**

لەشاری كفری دروستكراوه، ژمارەی 168 دوكانه، مێژووی دروستكردنی دەگەڕێتەوه بۆ دەیەی نۆهەمی سەدەی نۆزده، جێگایەكی سرنج ڕاكێش و جوانه، وردی و جوانی كاری بیناكاری لەو سەرده مەدا دەردەخات[37]. وێنەی (8)

وێنەی(1)سەیرانگای برایم خان



وەرگیراوە لە بەڕیوەبەرایەتی گەشت و گوزاری کفری.

وێنەی(2) سەیرانگاکانی ئۆمەربل و فتاح هۆمر



وەرگیراوە لە بەڕیوەبەرایەتی گەشت و گوزاری کفری.

وێنەی(3)بەنداوی باوەشاسوار



وەرگیراوە لە بەڕیوەبەرایەتی گەشت و گوزاری کفری.

وێنەی(4)بەنداوی ئاوەسپی



وەرگیراوە لە بەڕیوەبەرایەتی گەشت و گوزاری کفری.

وێنەی (5) ئاشی قازی



بەڕێوەبەرایەتی گەشت و گوزاری گەرمیان ،هۆبەیڕاگەیاندن .

وێنەی(6) سەرای کفری



بەڕێوەبەرایەتی گەشت وگوزاری گەرمیان ،هۆبەیڕاگەیاندن.

وێنەی(7) کۆشکی مەجید پاشا



بەریوەبەرایەتی گەشت و گوزاری کفری

وێنەی(8) قەیسەری کفری



بەریوەبەرایەتی گەشت و گوزاری کفری

وێنەی (9) ئەشکەوتەکانی باوەشاسوار



بەڕێوەبەرایەتی گەشت و گوزاری گەرمیان ،هۆبەیڕاگەیاندن .

وێنەی (10)مەزارگەی باوەشاسوار



بەڕێوەبەرایەتی گەشت و گوزاری گەرمیان ،هۆبەیڕاگەیاندن .

**ئەنجام**

1.شوێنی جوگرافی ناوچەی لێکۆڵینەوە، ناوچەیەکی گرنگە بۆ پەرەپێدانی کەرتی گەشتوگوزار، چونکە ناوچەکانی دەوروبەری سەرەڕای زۆری ژمارەی دانیشتوانیان بەڵام ناوچەیەکی هەژارن لەڕووی خزمەتی گەشتو گوزاریەوە.

2 . ئاووهەوای قەزای کفری لەمانگەکانی (ئازار، نیسان، مایس، ت2) گونجاوە بۆئەنجامدانی گەشت و سەیرانی کراوە.

3 . قەزای کفری خاوەنی تۆبۆگرافیەکی جۆراوجۆری جوانە وەك (شاخ،دۆڵ،دەشت،بان)، ئەمەش سیمایەکی جوانی پێبەخشیوە.

4 . قەزاکە دەوڵەمەندە بە بەنداوەکان کە کەرەستەیەکی خاوی گرنگن بۆ پەرەپێدان.

5 . ناوچەکە خاوەنی ژمارەیەکی زۆری شوێنەوارە چونکە شارستانیەکی کۆنی هەیە بەڵام گرنگیەکی ئەوتۆی پێنەدراوەو نەپارێزراوە .

6 . دەوڵەمەندی ناوچەکە بە ئاژەڵی کێوی ، جوانی زیاتریان بە ژینگەی ناوچەکە بەخشیوە.

7 . سەرەڕای بوونی شوێنی گونجاو بۆ پەرەپێدانی کەرتی گەشت و گوزار،بەڵام گرنگی پێویستی پێنەدراوەو بەرهەمهێنانی تێدا نەکراوە بەجۆرێك سرنجی گەشتیاری دەرەکیڕابکێشێت،لەگەڵ ئەوەشدا ڕیکلامکردن بۆیان لاوازە.

**پێشنیار**

1 . ئاسانکاری زۆر بکرێت بۆ وەبەرهێنان لەلایەن حکومەتەوە بەمەبەستی پەرەپێدانی کەرتی گەشت و گوزار لە قەزاکە.

2 .لەبەر ئەوەی پێکهاتەی دانیشتوانی ناوچەکە لە کورد و کەمینەیەك لە تورکمان و عەرەب پێك دێت،دەکرێت ناوەندێك بکرێتەوە بۆ نمایش کردنی کەلتورە جیاوازەکان بۆ گەشتیاران.

3 . گرنگیدان بەزیادکردنیڕووپۆشیڕووەکی کە پێویستیەکی گرنگی ناوچەکەیە،چونکە قەزاکە دەکەوێتە ناوچەی ئاووهەوای نیمچە وشکەوە کە بەڕووپۆشیڕووەکی هەژارە.

4 .گرنگیدان بە ڕێگەوبان بەتایبەت بۆ ناوچە گەشتیاریە سرنج ڕاکێشەکان وەك خۆرنەوەزان.

5 .گرنگیدانی زۆر بە بەنداوەکان کە هۆکارێکی گرنگیڕاکێشانی گەشتیارانن.

6 .پێشخستنی ناوچە گەشتیاریەکانی ئێستا بە خزمەت گوزاریەکانی گەشتوگوزار.

7 .بڵاوکردنەوەی هوشیاری گەشتوگوزاری بۆگەشتیاران و سەیرانکەران بەمەبەستی پاك ڕاگرتنی ژینگەی شوێنە گەشتیاریەکان.

**سەرچاوەکان**


(1)شاکر خصباك، العراق الشمالي،مطبعة شفيق، بغداد، 1973، ص34

(2)هاوڕێیاسین محمد امین، لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپیەکەم ، سلێمانی، ساڵی 2011،لا69

(3)شیروان عمر ڕشید،بنەما جوگرافیەکانی پەرەپێدانی گەشت و گوزار لەپارێزگای سلێمانیدا،تێزی دکتۆرا،بڵاونەکراوە، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان،زانکۆی سلێمانی،لا65، 2011

(4)د.أزاد محمد امين،المقومات الجغرافية الطبيعية لنشوء وتطور السياحة في المنطقة الجبلية من العراق،جامعة بغداد،ص88، 1980 .

(5)صباح محمود الراوي،عدنان هزع البياتي،اسس علم المناخ،ص41

(6)د. علي حسن موسى،المناخ و السياحة،دارالانوار لطباعة والنشر،دمشق1998

(7)ئازاد محمەد ئەمین نەقشبەندی،جوگرافیای کەش وئاووهەوا،چاپ وپەخشی حەمدی،چاپیەکەم،هەولێر،2007

(8)د. علي حسن موسى، مصدر صابق، ص

(9)على صاحب طالب و عبدالحسن مدفون ، علم المناخ التطبيقى ، دارالظياء ،ط1، ص394

(10)عبدالعزيز طريح شرف،الجغرافيا المناخية و النباتية،دارالمعرفة الجامعية،طبعى الاولى،2000،ص109 .

(11) على صاحب طالب و عبدالحسن مدفون ،مصدر سابق،396

(12)شيروان عمر ڕشيد، سةرضاوةى ثيَشوو،لا78

(13)على عبدالزهرة كاضم الوائلى،اسس و مبادئ فى علم الطقص و المناخ،دار الكتب و الوثائق،بغداد 2006، ص89

(14) على صاحب طالب و عبدالحسن مدفون ،مصدر سابق،397

(15)ئيبراهيم ئيبراهيم شريف،جوگرافياى كەش،وەرگێڕانى،ئەحمەد على -خليل كريم ،چاپخانەى پيرەمێرد،چاپييەكەم، 2011،لا253

(16) د. عادل سعيد الراوي ود. قصي عبد المجيد السامرائي ، المناخ التطبيقي، مطابع جامعة بغداد،بغداد،1990،ص 229 – 230 .

(17)المصدر نفسة،ص163

(18)شيروان عمر ڕشيد، سەرچاوەى پێشوو،لا103

(19)جزا توفيق طالب،التنمية الريفية و السياحية فى اقليم كوردستان العراق،مطبعة الرومان فى سليمانية،الطبعة الاولى،سليمانية،2007،ص34

(20)جوان سمين احمد الجاف،هايدرؤلوجية خزان سد كفرى،مجلة كلية التربية ابن الرشد،العدد203،لسنة2012،ص13

(21)بەڕێوەبەرايەتى گشتى بەنداوەكانى هەرێمى كوردستان،هەولێر،داتاى بڵاونەكراوە،2019

(22) ناهيده جمال تالەبانى، دەرامەتى سەرچاوە ئاويەكان، چاپييەكەم،چاپخانەى حەمدى،2008،لا63

(23) وەزارەتى كشتوكاڵ و سەرچاوەكانى ئاو، بەڕێوەبەرايەتى ئاوى ژێرزەوى گەرميان،بەشى ئامار، داتاى بڵاونەكراوە

(24)د. علي حسن موسى ، المناخ الحيوي ، ط1 ، نينوى للدراسات والنشر والتوزيع ، دمشق ، 2002 ، ص3

(25) فاروق عز الدين ومحمد عبده عاشور ، جغرافية السياحة تطور واسس ومناهج وتطبيقات ، مكتبة الانجلو عصرية، 2005، ص 155

(26) Pearce, D, Tourist Development, John wiley & sons, New youk,1981, P 50

(27) شيروان عمر رشيد،بنەما جوگرافێەكانى پەرێدانى گەشتوگوزار لە پارێزگايى سلێمانيدا.سەرچاوەى پێشوو.لا147

(28) أبراهيم خليل بظاظو،الجغرافيا السياحية تطبيقات على الوطن العربي، ط1، مؤسسة الوراق للنشر والتوزيع، الأردن، 2009، ص486 .

(29) حسين اسماعيل خان دەلو، ناوچەى كفرى لە نيوان ساڵانى (1914 – 1945) لێكۆڵينەوەيەك لە بارودۆخيڕاميارى وكۆمەڵايەتى و ڕۆشنبيرى،بڵاوكراوەكانى كۆمەڵەى روناكبيرى و كۆمەڵايەتى،چاپييەكەم، كەركوك 2010،

(30)كارى توێژەران پشت بەستن بە google earth و سەردانى مەيدانى .

(31)صلاحالدين عبدالحميد،شارى كفرى لەتەرازوىڕەسەنايەتى و شارستانيدا،چاپخانەيڕەهەند،چاپييەكەم،2009،لا33

(32)بەڕێوەبەرايەتى گەشت وگوزارى گەرميان ،هۆبەيڕاگەياندن 2019/1/28

(33) ڕێبەرى گەشتيارى گەرميان .

(34)بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان،2018

(35)بەڕێوەبەرایەتی گەشت وگوزاری کفری،2018

(36)صلاحالدین عبدالحمید،شاری کفری لەتەرازویرەسەنایەتی و شارستانیدا،چاپخانەیرەهەند،چاپییەکەم،2009

(37)سهیل خورشید، مێژووی ناوچەی کفری لەکۆنەوە تا 1958،چاپخانەییاد،چاپییەکەم،2013،لا137